# کوردستان لە دیدی کوردناسی هۆڵەندی
# (پیت مویلەر و لیا فیسەر)ەوە

ڕاگەیاندنی یانەی کوردی "میدیــا"

ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی 14-02- 2010 کاژێر 14،00 بۆ 17،00 یانەی کوردی "میدیــا" لە ئەمستردام و ئەنجومەنی گەنجانی کورد لە هۆڵەندا، وەک دوو ڕێکخراوی ناو فدراسیونی یانەی کوردی "میدیــا" لە هۆڵەندا، بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ڕۆشنیرانی کورد و هۆڵەندی کۆڕێکی مێژوویيان بۆ دوو دۆستی دێرینی گەلی کورد بەڕێزان (پیت مویلەر و لیا فیسەر)ی ڕێکخست، لە شاری ئەمستردام .



سەرەتا لە لایەن خاتوو سۆزان کەرەم، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی کوردی "میدیــا"ی ئەمستردامەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و مەبەستی کۆڕەکەی بۆ ئامادەبووان ڕوونکردەوە و بە کورتی هەردوو بەڕێزانی بە ئامادەبووان ناساند و ووتی:
ئەمجارە لە کۆڕێکی گرنگ و بە پێزی یانەی کوردی "میدیــا" دا، بە دیداری دۆستی دێرین و خۆشەویستی گەلی کورد، کاک پیت مویلەر و هاوسەرە بەڕێزەکەی (لیا فیسەر)تان دەگەیەنین، کە ئەوان لە ڕۆژانی سەخت و نەهامەتی گەلی کوردا، ئێمەیان لە بیر نەکردووە و دۆستی ئێمە بوون.

وەک دەزانین ساڵی 1973 بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی کوردستانی (بچوک)ڕۆژئاوا سوریاوە گەشتی کوردستانی باشوریان کردووە و لە نزیکەوە توانیویانە گەلی کورد بناسن و لە نەهامەتییەکانی ئێمە بگەن و تێکەڵاوی شۆڕشی ئەیلول ببن و چونەتە حاجی هۆمەران و گەلاڵە، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان خوالێخۆش بوو، جەنەراڵ بارزانیان بینیووە لە پاش ڕێکەوتننامەی شوومی جەزائیریش لە نێوان (شای ئێران و سەدام حوسەین)دا لە ئازاری 1975دا، کە شکست بە شۆڕشی کورد هێنرا، ئەوان یارمەتیەکی زۆری ئەو کوردانەیان داوە، کە ژمارەیان 50 کەس بووە وەک دەستەی یەکەمی پەنابەرانی کورد ڕوویان لە هۆڵەندە کردووە و کار ئاسانیان بۆ کردوون.

پیت مویلەر سەردەمانێک سەرۆکی دەزگای نیدەرلاند کوردستان SNK بوون، چەندین جاری دیکەش سەردانی کوردستانی کردۆتەوە...ڕۆڵی هەبووە لە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بە زمانی هۆڵەندی بە ناونیشانی (کوردستان کۆریەر) و باسی مەسەلە ڕەواکەی کوردیان تێدا کردووە.





پیت مویلەر چەندین جار سەردانی کوردستانی کردووە و ساڵی 1993 لە دوای ڕاپەڕین دیسان لەگەڵ گروپێکدا سەردانی کوردستانیان کردۆتەوە، کە بریتی بوون پیت میوللەر خۆیی و زاهیر مەحمود، وەک یاوەریان و بەڕێزان فلامین لە پارتی CDA، فاڵک لە Pvda، هەنەکە خڵدن بلوم لە D66 و لینۆنی سپیکەرس لە پارتی چەپی سەوز.





دواجار لە ئۆکتۆبەری 2008 دا سەردانی کوردستان کردووە و بە نیازە لە داهاتووشدا سەردانی کوردستان بکاتەوە..بەڕێزیان هێندە لە کوردەوە نزیکە و هێندە کوردی خۆشدەوێ، بەجۆرێک لە خەڵکی کوردستان دەچێت نەک هۆڵەندی و حەز دەکات بە کاک پیت بانگ بکرێت.







پاشان له لایەن کاک پیت مویلەر و هاوسەرە بەڕێزەکەی (لیا فیسەر)ەوە به پاوەرپۆینت وێنەی گەشتەکانیان له ساڵی 1973 ەوە تا 2008 به لێدوانەوە پێشکەش کرد تا ئەمڕۆ، سەرتاپای ئەم گەشتانەی ئەم دوو مرۆڤە وێنەی ڕاستەقینە و مێژوویی گەلی کورد بوون له تێکۆشانی شاخ و بەرگری قارەمانانە تا دەگات بەمڕۆی خۆبەڕێوەبردنی حکومەتی فیدراڵی و مۆدێرنانەی هەرێمی کوردستان.

له تەوەرێکی دیکەی کۆڕەکەدا به گفتوگۆی بۆچوونی جیاواز و سەرنجی هەمە جۆر پێشکەش کرا له لایەن بەڕێز دکتۆر جەمیل شەرەف یادەوەری خۆی لەگەڵ پیت مویلەردا گێڕایەوە و پرۆفیسۆر (یان مانسفیڵد باک) مامۆستای زانکۆی ئەمستردام، که ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، له بڵاوبونەوەی کتێبەکەی زاهیر مەحمود دا به ناونیشانی(هەگبەیەکی گران)، گەشتێکی مێژوویی به ناو کتێبەکەدا کرد و هەموو دەقەکانی به مێژووی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێوە گرێدا و به بەڵگەوە وێنەکان پیشانی ئامادەبووانڵدا. له کۆتایی کۆڕەکەدا زۆربەی ئامادەبووان به سەرنج و پێشنیار و تێبینی دەربارەی کۆڕەکەی پیت مویللەر و خاتو لیا فیسەر بەشداریان کرد و به چەپکەگوڵی ڕێز و خۆشەویستی له لایەن دەستەی بەڕێوەبەری "میدیـــا"وەپێشکەش کران و کۆڕەکە سەرکەوتووانە کۆتایهات.

شایانی باسە له پێشکەشکردنی ئەم چالاکییەی "میدیـــا" دا، نابێت ڕۆڵ و کۆمەک و هاوکاری کردنی ناوەندی دەرەوەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک)، له پێشچاو نەگیرێت و شایانی سوپاسێکی زۆرن.





